# گرنگی زەکات و حیکمەت لە مەشروعیەتەکەی لە ئیسلامدا

[ کردي – کوردی – kurdish ]

حاجی ئومید چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# أهمية الزكاة والحكمة من مشروعيتها في الإسلام

« باللغة الكردية »


أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2013 - 1434

IslamHouse.com

# گرنگی زەکات و حیکمەت لە مەشروعیەتەکەی لە ئیسلامدا

سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە.

""""زەکات لە زمانەوانییدا، واتا: گەشەکردن و پاککردنەوە، زەکاتیش گەشە بەماڵ دەکات و داهاتیش پاك دەکاتەوە.

لەشەرعدا زەکات، واتا : هەقێکی واجبە خوای گەورە دایناوە لەسەر ماڵێکی تایبەت، بۆ کۆمەڵە کەسێکی تایبەتی دیاریکراو، لەکاتێکی دیاریکراودا، لە پێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە وپاککردنەوەی دەروون و ماڵ وسامان وکۆمەڵگە'0"

**گرنگی زەکات و حیکمەت لە مەشروعیەت ودانانی :**

""""زەکات گرنگیەکی مەزن وگەورەی هەیە لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا، هەر لەبەر ئەوەیشە حیکمەت لە دانان و مەشروعیەتی ئەم ڕوکنە گەورەی ئیسلام بەڵگەی ڕوون و ئاشکرایە لەسەر گرنگی پلە و پایەکەی، ئەویش لە ڕوانگەی باسکردنی حیکمەتەکانی دەردەکەوێت کە زەکات چی ڕۆڵ و کاریگەریەکی

گەورەی هەیە لە ڕێکخستنی ئابووری وولات، وبەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە و دادپەروەری کۆمەلایەتی :

**هەندێک لە حیکمەتەکانی مەشروعیەتی زەکات لە ئیسلامدا :**

١) پاککردنەوەی دەروونی مـرۆڤەکانە لە ڕژدی، و چروکی، و چاوبڕینە ماڵی خەڵکی .

٢) بەدەمەوە چوونی هەژاران، و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان، و هاوکاری کردنیانە لە پێناو ڕاگرتنی هاوسەنگی کۆمەڵگەدا .

٣) بەرپاکردنی بەرژەوەندی گشتیە، کە بەختەوەری کۆمەڵگەی لەسەر وەستاوە .

٤) دیاری کردنی سنوورێکە لە پێناو کەڵەکە نەبوونی داهات و ماڵ و سامان تەنها لای دەوڵەمەندەکان، و کۆبوونەوەی لەدەستی بازرگان وکەسە چاوچنۆکەکاندا، بەشێوەیەك ماڵ و سامانی وولات لەنێوانیاندا قەتیس ببێت و هەژاران و نەدارانیش زاقەی چاویان بێت، بۆ پارووە نانێك پێستی سکیان هەڵبگوشن .

٥) زەکات کۆمەڵگە وا لێدەکات کە وەك خێزانێکی تۆکمە وتوند وتۆڵ پێکەوە بژین، بەشێوەیەك دەسەڵاتدارەکان بەزەییان بێتەوە بە بێ دەسەڵاتەکاندا، دەوڵەمەندەکانیش چاویان لە هەژارەکان بێت، لەهەمان کاتدا هەژاران و نەدارانیش چاویان نەبڕنە ماڵی خاوەن ماڵ و سامانەکان ئەگەر هاتوو لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا زەکاتی سامانەکەیان پێ گەیاندن .

٦) زەکات ئاگری شۆڕشی دەروونی هەژاران دەکوژێنێتەوە وڕق و کینەیان لەدڵدا ناهێڵێت، بەرامبەر دەوڵەمەندەکان .

٧) زەکات ڕێگرە لە ئەنجامدانی تاوانی دزی و جەردەیی و ماڵ بڕین و هەڵکووتانە سەر ماڵی خەڵکی .

٨) زەکات گەشە بە ماڵ وسامان دەکات، وپاکی دەکاتەوە لەتێکەڵ بوونی بە حەرامێك ئەگەر تێی کەوتبێت .

٩) زەکات هۆکاری خێر و خۆشی و بەرەکەتی ماڵ و سامانە"[ سەیری کتێبی الشرح الممتــع على زاد المستنقع (١٢/٦-١٤) ، منهـاج المسلم لاپەڕە (٣٦٧) بکە ] .

### بەڵگەکانی واجب بوونی زەکات

کۆمەڵێك لە دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بەڵگەن لەسەر واجب بوونی زەکات لەسەر موسڵمانان، هەروەها پێشەوای ئازیزمان موحەمەد (صلی الله علیه وسلم) ڕوونی کردوەتەوە زەکات کۆڵەکەیەکی بەهێزە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلامی لەسەر بنیات نراوە، هەر لەبەر ئەوەیە زەکات بە پلەی سێهەم دێت لە ناو ڕوکنەکانیدا.

ئەمەش کە ئێستا ئاماژەیان پێدەدەین مشتێکە لە خەرواری ئەو بەڵگانەی کە باس لە واجب بوونی زەکات دەکەن :

لەقورئانی پیرۆزدا خوای گەورە فەرموویەتی :"﴿ وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ وَارْكَعُواْ مَعَ الرَّاكِعِينَ ﴾ [ سورة البقرة: الآیة٤٣ ] .

واتا : فەرمانیان پێ بکە با بە تێرو تەسەل نوێژ ئەنجام بدەن و؛ بەشێکی داراییشیان بە زەکات بدەن و، لەگەڵ کڕنووش بەراندا، کڕنوش بەرن، واتا: لەگەڵ موسڵمانەکاندا نوێژ بەکۆمەڵ بکەن، هەروەها فەرموویەتی : ﴿وَأَقِيمُوا الصَّلاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَمَا تُقَدِّمُوا لأَنفُسِكُمْ

مِنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِنْدَ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ [سورة البقرة: الآية ١١٠]

.

واتا : نوێژەکانتان بەچاکی ئەنجام بدەن و زەکاتیش بدەن (بە خاوەن مافەکان) و دڵنیا بن کە هەر کارێکی چاکە بۆ خۆتانی دەکەن، لای خوا بزر نابێت و دەستتان دەکەوێتەوە چونکە بەڕاستی خوا بیناو بە ئاگایە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن، وە فەرموویەتی :﴿فَإِذَا انسَلَخَ الأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدْتُمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُوا لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ فَإِنْ تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلاةَ وَآتَوْا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ [سورة التوبة : ٥] .

واتا : ئینجا کە مانگە حەرام و خاوەن ڕێزەکان بڕانەوە ، واتا: ئەوانەی کەجەنگیان تیا قەدەغەکراوە، کە ئەوانیش ئەم چوار مانگەن: (زیقەعەدە، زیحەججە، موحەررەم، رەجەب)، دەسا ئێوەش لە هەرجێگایەکدا موشریکەکانتان دەستکەوت بەمەرجێ (ژن و منداڵ و گۆشەگیر نەبن) لە حەرەم و لە دەرەوەی حەرەم، لەچوار مانگەکان و، لەغەیری چوار مانگەکانیشدا' بیانکوژن، وەلە هەموو کەمین و ڕێگەیەکیشدا بۆیان دانیشن، ئەمجا ئەگەر

پەشیمان بوونەوە لە هاوبەشدانان بۆ خوا، و بەرێك و پێکی نوێژیان ئەنجامدا، و زەکاتیان ماڵوسامانیان دەرکرد، ئێوەیش رێگەیان بۆ چوڵ بکەن وهەقتان بەسەریانەوە نەبێ، با بێن و بچنە ناو حەرەمیشەوە، بە ڕاستیی خوا لەگوناح زۆر لێبوردەیە، زۆریش دلۆڤان و میهرەبانە بەرامبەر بەتەوبەکاران.

**بەڵگەکان لە سوننەت :**

١) فەرمووده بەناوبانگەکەی جوبرەئیلە کە تیایدا هاتووە :

« الإسلام أن تشهد أن لا إله إلا الله وأن محمداً رسول الله وتقيم الصلاة، وتوتي الزكاة، وتصوم رمضان، وتحج البيت إن استطعت إليه سبيلاً » [ رواه البخاري في كتاب الإيمان، باب دعاؤكم إيمانكم (٨)، ومسلم في الأيمان، باب قول النبي (صلى الله عليه وسلم) « بني الإسلام على خمس.. (١٢٠)]"واتا : ئیسلام ئەوەیە شاهیدی بدەی کە هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە جگە لە (اللە) وە موحەمەد پێغەمبەری خوایە، وە نوێژەکان بکەیت، و زەکاتی ماڵوسامانت بدەیت، و ڕۆژوی مانگی ڕەمەزان بگریت، و حەجی ماڵی خوا بکەیت ئەگەر توانات هەبوو.

""""┐* عن ابن عمر (رضي الله عنهما ) قال : قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) : «
بني الإسلام على خمس : شهادة أن لا إله إلا الله وأن محمداً رسول الله، وإقام الصلاة،
وإيتاء الزكاة، وصوم رمضان، وحج البيت لمن استطاع إليه سبيلاً » [رواه البخاري
في الإيمان، باب الإسلام والإيمان والإحسان (٨) ومسلم في لإيمان
باب أركان الإسلام (١٦) ] واتا : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه
وسلم) فەرموویەتی : ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەسەر پێنج بنەما
وەستاوە، شاهیدی دان بەوەی هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە
جگە لە (الله) وە موحەمەد پێغەمبەری خوایە، وە بەجێهێنانی
نوێژ، و دانی زەکات، و ڕۆژوی رەمەزان، و حەجی ماڵی خوا بۆ
ئەو کەسانەی توانایان هەیە ."

ئەوەی ئاماژەمان پێدا کۆمەڵە دەقێك بوون لە قورئان و سوننەت،
بە ئاشکرا بەڵگە بوون لەسەر ئەوەی زەکات ڕوکنێکی گەورەی
ئیسلامە، وکۆڵەکەیەکی بتەویەتی بەشێوەیەك ئیسلام تەواو
نابێت بەبێ زەکات دان"لەڕوانگەی ئەو دەقانەشەوە موسڵمانان
لەکۆن و نوێیدا هەموویان کۆدەنگ بوون لەسەر واجبیەتی زەکات
و پێویستی بەجێهێنانی ."